کۆنگرەی گەلی کوردستان چوارەمین کۆبونەوەی ئاسایی خۆی لەرەوشێکی نائاسییدا بەست و ئەو نائارامییەی کە ئێستا لە کوردستاندا بەرێوە دەچێت لە ئاستی هەرێمی وجیهاندا سەرنجی هەرکەسێکی راکێشاوە و هەموو لایەکی خستۆتە نێو دڵەراوکێوە، بۆ زیاتر روونکردنەوەی ئەو بارودۆخەی کە لەکوردستاندا بەرێوە دەچێت بەباشمان زانی، کە لەدوای کۆبوونەوەی جڤاتی گشتی کۆنگرەی گەل لەگەڵ بەرێز" جەمیل بایق" ئەندامی کۆنسەی و بەرپرسیاری کۆمیتەی سیاسی کۆنگرەی گەل ئەم دیمانەیە سازبدەین، تاوەکو لەنزیکەوە ئاگاداری رەشی ناوچەکە ببین.

**ئامادەکرنی/ ئەکبەر جەهانگیری/ ئارارم مەحموود عوسمان**

**(بەشی یەکەم)**



**لەچوارەمین جڤاتی گشتیدا، هێرەشەکانی ئێران و تورکیا چۆن هەڵسەنگێنرا، دەکرێت لەم بارەیەوە هەندێك روونکردنەوە بکەن؟**

وەکو دەزانرێت تورکیاو ئێران بەر لەدوو مانگ لەتاران پەیمانیکیان بەست لەدژی (پ ك ك) ئەم پەیمانە تەنها لەدژی (پ ك ك) نەبوو، بەڵکوو لەدژی بزوتنەوەی کورد بوو بەگشتی، وەکوو دەزانرێت تورکیاو ئێران لەمێژوویشدا گەلێك پەیمانی بەو شێوەیەیان ئەنجام داوە تاوەکو سەرهەڵدانی کورد بنبڕبکەن، ئێستاش لەهەرێمەکەدا بزوتنەوەی کورد هەردەچێت لەپێشکەوتندایە، جائەوانیش ئەم پێشکەوتنە بۆ خۆیان وەکو مەترسیەك دەبینن، لەبەرئەوەشە کە ئەم شێوە پەیمانانە پێشدەخەن، لەراستیدا ئەم پەیمانانە پێشتریش هەبوونە، بەڵام ئیتر لەمەولا بەرەسمی و ئاشکرا پێشی دەخەن، ئەو پەیمانەی کە لە تاران پێشیان خست، تەنها ئامانجیان (پ ك ك) نەبوو، بەڵکو ئێران دەیەوێت بەم پەیمانە تورکیاش بەلای خویدا راکێشێت ونەهێڵت بەلای ئەمەریکادا بچێت ولەدژی ئێران رابوەستێ، چونکە ئەمەریکا بەهەموو شێوەیەك کار دەکات کە تورکیا لەدژی ئێران بخاتە نێو سیاسەتی خۆیەوە، وەکو ئاشکراشە تورکیا لەدژی ئێران و هاوکاری ئەمریکا بێت، مەترسییەکی مەزنە لەسەر ئێران، جا لەبەر ئەوەی تورکیا لەبەرەی ئەمەریکادا جێنەگرێت ئەم شێوە پەیمانانە پێش دەخات، کەواتە یەکێك لەئامانجەکانی ئەم پیمانەش ئەوەیەکە تورکیا لەئەمریکا دووربخاتەوە، ئێستاش تورکیا و ئێران هیزی خۆیان خستۆتە حەرەکەتەوە، پێکەوە دەیانەوێت گورز لە بزوتنەوەی کورد بوەشێنن، لەنێو بزوتنەوەی کوردیشدا حەرەکەتی هەرە مەزن بزوتنەوەی ئاپۆچییە، بزوتنەوەی ئاپۆچیش هەم لەباکووری کوردستان هێزی خۆی هەیە هەم لەرۆژهەلات، چونکە گەلەکەمان لەو پارچەیە بۆ ئازادی خۆی خەبات دەکات، ئێمەش بەهەموو شێوەیەك پشتیوانی لێدەکەین، لەبەرئەوەشە تورکیا و ئێران ئەو پەیمانەیان پێشخست و هێزی خۆیان خستە حەرەکەتەوە، پێکەوە دەیانەوێت گورز لەبزوتنەوەی ئاپۆ چی بخەن، ئەم بزوتنەوەیە بۆخۆیان خەتەر دەبینن، ئێران لەراگەیاندنەکانی خۆیاندا دەڵێت من لەدژی (پەژاك) شەڕ دەکەم، ئەمەش راست نییە، لەو هێرشەی دواییاندا نەتەنها لەهێزی (پەژاك)ی نەدا بەڵکو بەشێوەیەکی گشتی هێزەکانی ئێمەی بۆردومان کرد، لەراگەیاندنەکانی خۆشیدا بەو شێوەیە نیشان دەدات کەلە (پەژاك)ی داوە و بەوشێوەیە دەیەوێت هەرکەسێکیش بخەڵەتێنێت. لەکاتی ئێستادا بۆچی تورکیا و ئێران هێرشێکی بەو شێوەیە پێش دەخەن، چونکە مەسەلەی ئێران کەوتۆتە رۆژەڤەوە، هۆکاری یەکەم ئەوەیە، هۆکارێکی دیکەش ئەوەیە کە لەباکووری کوردستاندا سەرهەڵدان پێشکەوت، هەروەها لەرۆژهەلاتیش دیسان سەرهەڵدانی گەل پێشکەوتن، هۆشیارییەکی گەورە لەنێو گەلدا پێشدەکەوێت، هەڵبەتە ئەوان ئەمە

بۆ خۆیان مەترسی دەبینن، بۆ ئەوەشە لەم کاتەدا پێکەوە کەوتنە حەرەکەتەوە، داخوازیمان لەئێران ئەوەیە کەدەست لەم هێرشکردنە بەربدەن، چونکە ناکەوێتە خزمەتی ئێرانەوە و زەرەری زیاتر بەئێران دەگەیەنێت، ئێران دوژمنایەتی گەلی کوردیش بۆ خۆی پێشبخات نابێت، چونکە ئەو بۆ خۆی ئامانجێکی ئەمەریکایە، ئەوکات ئەو رژێمە زیاتر بکەوێتە مەترسییەوە، راستیش ئەوەیە کەئێران دەست لەم پەیمانە پیسە بەربدات و مافی گەلی کورد بناسێت و پێویستە بۆ خۆی چارەسەری کێشەی کورد بەبنەمابگرێت، ئەگەر ئێران چارەسەرییەکی بەو شێوەیە بۆ خۆی بەبنەمابگرێت دەتوانێت خۆی لەمەترسی دەربخات، بەڵام ئەگەر لەگەڵ تورکیادا ببێتە یەك و دوژمنایەتی گەلی کورد بکات و دوژمنایەتی حەرەکەتی ئاپۆچێتی بکات ئەوا ئەو بەخۆی زەرەری گەورە دەکات، لەوانیە هەندێك زەرەری بچووك بەئێمە یان بەگەلەکەمان بگەیەنێت، بەڵام زەرەی هەرە گەورە بۆخۆیان دەیبینن.

**ئێستا ئێران بۆخۆی لەبەرامبەر ئەمەریکایە، (پ ك ك)ش دەکاتە دوژمنی خۆی، ئایا بەم شێوەیە ئێران زیاتر خۆی ناخاتە زۆرییەوە؟**

هەڵبەتە هەم هێزی نێونەتەوەیی لەدژی ئێران بەرنامە پێش دەخەن و زۆری زەحمەتی و مەترسی بۆ ئێران دروستدەکەن، هەمیش لەدژی حەرەکەتی ئاپۆچی و گەلی کورد بەمشێوەیە دوژمنایەتی بکات، دیارە ئەمەش بۆ ئێران مەترسییەکی مەزن پێشبحات.

**ئایا ئێران بەشێوەیەکی ئاشکرا هێرشی لەدژی ئێوە ئەنجامداوە؟**

هەڵبەتە ئێران بەشێوەیەکی ئاشکرا هێرش لەدژی ئێمە ئەنجام دەدات، لەگەڵ تورکیادا پێکەوە ئۆپەرایۆنیش ئەنجام دەدەن لەسەرسنوورەکان لە نزیك سنوورەکان و نایشارنەوە و ئاشکراشی دەکەن.

**ئێوە شیمانەی ئەوە دەکەن کەتورکیا بەم شێوازە هێرشانە بتوانێنێت خۆی لەو قەیرانەی ناوخۆ رزگاربکات، کاتێك ئەمریکا لەئێراقی دا تورکیا پشتیوانی نەکرد بەمشێوەیە ئەمەریکا لەبەرامبەر تورکیا نارەزایی نشاندا، ئێستاش جارێکی دیکە تورکیا خۆی نزیکی ئێران دەکاتەوە ئایا ئەمەریکا هەمان هەڵوێستی نابێت؟**

وەکو ئاشکراشە کێشەی ئەمەریکا و تورکیا هەیە هۆکاری کێشەکانیش دەگەڕێتەوە بۆ مەسەلەی کورد، ئەمەریکا بەگوێرەی سیستەمەکەی خۆی چارەسەرییەك بۆ کێشەی کورد پێشدەخات، ئەمەش تورکیا زۆر نارەحەت دەکات، کێشەی ئەمەریکا و تورکیا لێرەدایە، ئەمەش گەلێك جاران بەشێوەی جیا خۆی دەداتە دیارکردن، ئەوەش دەزانرێت، حکومەتی ئێستای تورکیا حکومەتێکی ئیسلامییە، هەرچەندە ئەو بۆ خۆی دەڵێت ئێمە حکومەتێکی ئیسلامی نین، بەڵام ئەوان حکومەتێکی ئیسلامین، ئەمەریکا خواستی بەم حکومەتە هەندێك هەنگاو بنێت لە ناوچەکەدا، بەڵام ئەم حکومەتە داخوازی ئەمەریکای بەتەواوەتی پێك نەهێنا، بینی کە بەم حکومەتە زۆر ناتوانێت سیاسەت بکات، لەبەر ئەوەش ئارتەشی تورکیای بۆخۆ بەبنەماگرت، زیاتریش بە سەرفەرمانداری گشتی دەیەوێت سیاسەتی خۆی لەتورکیا پێش بخات و ئەمەش بەتورکیا بداتە قەبوول کردن، ئەمەش لەنێو تورکیادا هەنێك کێشە پێشدەخات، جگە لەوەش لەتورکیادا کۆمەڵێك کێشەی دیکەی وەکو ئابوری، سیاسی، دیبلۆماسی هەیە، هەروەها ئەو رەوشەی کەلەناوچەکەدا هەیە کاریگەری لەسەر تورکیا هەیە، ئەمەش لەنێو تورکیادا لەنێوان ئارتەش و حکومەتدا، لەنێوان هیزی میانڕەو و کەمالیست و ئیسلامیەکاندا هەندێك کێشە دروست دەکات، لەسەرەتادا حکومەت هەندێك هەنگاوی نا، بەڵام دوایی ئارتەش هەنگاوی زیاتری نا و خۆی لەئەمەریکا نزیککردەوە، ئەوانیش کارگەریشیان لەسەر ئەردغان داناو ئەویش تەسلیم بوو، ئێستاش ئارتەش لەتورکیا سیاسەتی خۆی بەرێوە دەبات، ئەمەریکاش لەسیاسەتی تورکیادا هەنێك ناڕازییە، بۆ نمونە لە مەسەلەی ئێراقدا هەروەها لەمەسەلەی حەماس و سوریاو ئێراندا ناڕازی بوون، چونکە حکومەتەکەی ( ئاکەپە) نایەوێت سیاسەتی ئەمەریکا بەتەواوەتی پێك بێنێت، هەم دەیەوێت لەگەڵ ئەمەریکا پەیوەندی خۆی پێش بخات، هەم دەیەوێت لەگەڵ سوریا و ئێراندا پەیوەندی هەبێت، نایەوێت لەم پەیوەندیانە خۆی دابڕێت، دەیەوێت لەهەردوولا فایدە بکات، هەڵبەتە ئەمەریکا ئەمە قەبووڵ ناکات، چونکە سوریا و ئێرانیش لەبەرنامەی ئەمەریکادایە، ئەمەریکا دەیەوێت لەوێش گۆرانکاری ئەنجام بدات، ئەو پەیوەندیانەی کە لەلایەن تورکیاوە بەرێوەدەچێت خزمەتی ئەمەریکا ناکات، ئەمەریکا دەیەوێت ئەو دوو دەوڵەتەش تەجرید بکات، بەڵام تورکیا نایەوێت ئەو تەجریدە تەواو ببێت، ناکۆکی ئەمەرکیاو تورکیا لەخاڵەشەوە سەرچاوە دەگرێت، تورکیا لەگەڵ ئێرانیشدا پەیمان ئەنجامدەدات، هەرچەندە ئەو پەیمانانە لەدژی گەلی کورد و حەرەکەتی ئاپۆچیش بێت ، بەڵام ئەمە ناهێڵێت ئەو تەجریدەی سەر ئێران سەربکەوێت، ئەمەش ئەو تەجریدە لاواز دەکات، بۆیە ئەمەریکاش لەمە نارەحەت دەبێت.

**وەکو دەبینین لەلایەنی فکری وسیتەمیشدا لەنێوان تورکیا و ئێران و سوریادا جیاوازی هەیە، بەڵام تورکیا نایەوێت ئەو دەوڵەتانە بگۆڕدرین، لێرەدا هۆکاری بنچینەیی چییە؟**

ناكۆكی بنچینەیی مەسەلەی كوردە، هەروەها پێویستە لە سوریا و ئێرانیش گۆڕانكاری روو بدەن، چونكە ئەو گۆڕانكارییەی كە لەئێراقدا روویدا ئەنجامەكەی لەبەرچاوە، لە ئێراقدا كێشەی كورد بەرەو چارەسەری هەنگاوی نا، پێویستە لەسوریا و ئێرانیش گۆڕانكاری روو بدەن، كێشەی كورد بەرەو چارەسەری دیموكراتیانە ببەن، ئەمەش بەگوێرەی ئەو رژێمە مەترسیەكی گەورە لەسەرتوركیا دروستدەكات، لەبەر ئەوە ناهێڵن گۆڕانكارییەكی هاوشێوەی ئێراق لە سوریا و ئێران دروست ببێت، كێشەی كورد گەورە نەبێتەوە و مەترسی دروست نەكات، وەكو لەسەرەتاشدا باسم كرد كێشەی ئەمەریكا و توركیا كێشە ی كوردە، لەوانەیە وڵاتانی دیكە كێشەكەیان لەگەڵ ئەمەریكا گەورە بێت، بەڵام كێشەی ئەمەریكا و توركیا لەمەسەی كورد دایە، جگەلەوە كێشەیەكی وا بنچینەییان نییە، چونكە توركیا دەوڵەتێكی ناتۆیە، دەوڵەتێكە دەبێتە ئەندامی یەكێتی ئەوروپا، بەساڵانە پەیوەندی لەنێوانیاندایە، ستراتیژی هاوبەشیان بەرێوەبردوە، تەنها كێشەی كورد تا ئێستا لەنێوان ئەمەریكا و توركیادا ناكۆكی دروست كردووە، ئەگەر ئێستاش توركیا داخوازی ئەمەریكا بەتەواوەتی پێك ناهێنیت و نایەوێت پەیوەندی خۆی لەسوریا ئێران دابڕێت، لەبەر ئەوەیە، چونكە لەگەڵ ئێران و سوریادا پێكەوە بەرنامەیەك بەرێوە دەبەن، بەهەموو شێوەیەك لەهەوڵی ئەوەدان كە كورد بۆ ئەوان خەتەری دروست نەكات.

**بەرلەموداخەلەی ئەمەریكا بۆ ئێراق رایەكی وەها هەبوو كە ئەمریكا، كوردی وەكو پشتیوانیكی خۆی دەبینی، بەڵام بەم دواییانە ئەمەریكا لەئێراقدا تووشی زۆری زەحمەتی هات، ئێستاش ئەو هاوپەیمانییەی نێوان ئێران و سوریا و توركیا، دەبێتە فشارێك تاوەكو ئەمەریكا هەندێك رەوشی ئێستای ئێران و سوریا و توركیا قەبووڵبكات و لەلایەكی دیكەشەوە توركیا بەهۆی ئەم ئۆپەراسیۆنانەوە لەبەرامبەركوردان بتوانێت خۆی لەقەیرای ناوخۆیی و كێشەی ئابووری رزگار بكات لم بارەیەوە راتان چییە؟**

بەڵێ ئێستا توركیا و سوریا و ئێران پێكەوە بەرنامەیەك بەرێوە دەبەن و ئامانجیشیان ئەوەیە كە ئەمەریكا بێكاریگەر بكەن، تاوەكو ئەمەریكا بكێشنە نێو رێكەوتنێكەوە و سیاسەتی خۆیان بە ئەمەریكا بدەنەقەبووڵ كردن، ئێستا لەنێو خەباتێكی بەو شێوەیەدان، ئەمەش لەوانەیە بۆ ئەمەریكا هەندیك زەحمەتی دروست بكات، بەڵام من تەخمین ناكەم كە ئەمەریكا بەو شێوەیە تێكەوێتە ناو رێكەتنەوە، چونكە ئەمەریكا پرۆژەیەكی داوەتە پێش خۆی لەرۆژهەڵاتی ناویندا، ئەو پرۆژەیە نەك تەنها بۆ رۆژهەڵاتی ناوەڕاستە بەڵكو پرۆژەی سیستەمێكی جیهانییە، پرۆژەكەی ئەمەریكا قەدەری سیستەمەكەیەتی، هەرچەندە ئەمەریكا توشی كێشەش ببێت، بەڵام ئەمەریكا دەخوازێت ئەم پرۆژەیە بەردەوام بكات، ناتوانێ هەنگاو پاشدا باوێژێت، بۆ ئەمەش رێكەوتن زەحمەتە پێشبكەێت، بەڵام رێكەوتنی كاتی و تاكتیكی دەبن، بۆ نمونە ئەمەریكا بۆچارەسەركردنی كێشەكانی ئێراق دەخوازێت لەگەڵ ئێراندا دابنیشێت دیالۆگ بكات و كێشەی ئێراق چارەسەری بكات، چونكە كیشە ناوخۆییەكانی ئێراق، زیاتر ئێران ئەنجامی دەدەن، لەبەر ئەوەش ئەمەریكا دەیەوێت لەگەڵ ئێۆراندا رێككەوتن ئەنجام بدات و كێشەكان چارەسەر بكات، ئەمەمریكا لەهەمانكاتدا دەیەوێت رژێمی ئێران بگۆڕێت و دەیەوێت لەگەڵ ئێرانیشدا كێشە ناوخۆییەكانی ئێراق چارەسەر بكات، ئەمەش دەبێت، ئەم جۆرە رێكەوتنانە كاتین، بەڵام لەستراتیژی ئەمەریكادا لەگەڵ ئەم دەوڵەتانەدا رێككەوتن هەندێك زەحمەتە، رێكەوتنیش دێتە مانای قەبووڵكردنی ئەو رژێمانە، قەبووڵكردنی ئەو رژێمانەش ناهێڵێت پرۆژەكەی لەرۆژهەڵاتی ناوەڕاستا پراكتیزە بكات، ئەو كات ناتوانێ كێشەی سیستەمیش چارەسەر بكات.

**كەواتە ئێوە لەو بڕوایەدانین كەئەمەریكا ئاكتیف بەشداری ئەو ئۆپەراسیۆنانە بێت؟**

نەخێر، چونكە بەشداریكردنی ئەمەریكا خزمەتی بەرژەوەندی ئێران و توركیا دەكات، هیچ بەرژەوەندییەكی ئەمەریكای تیادا نییە، تەخمین ناكەم ئەمەریكا لەو ئۆپەراسیۆنانەدا ئاكتیف جێگەی خۆی بگرێت.

**سەردانەكەی كۆندالیزا رایسی وەزیری دەرەوەی ئەمەریكاو رامسفێلدی وەزیری بەرگی ئەمەریكا بۆ ئێراق چۆن هەڵەسەنگێنن؟**

بەرلە ئەو سەردانە، وەزیری دەرەوەی ئەمەریكا و ئنگلتەرەش پێكەوە هاتنن ئەوە یەكەمجارە سەردانی بەو شێوەیە لەئێراق روودەدات ئێستاش وەزیری دەرەوە و بەرگری پێكەوە سەردانی ئێراقیان هۆكارەكەی بەتەواوەتی ناتوانرێت روون بكرێتەوە، بەڵام لەئێراقدا ئەمەریكا هەندێك كێشە ژیان دەكات تەخمین دەكەم بیانەوێت هەندێك ئەو كێشانە چارەسەربكەن، كێشەكان زیاتر لەدوای رووخانی رژێمی سەددام بۆ ئەوەی ئەمەریكا هەندێك كاریگەری بەعسییەكان كەم بكاتەوە، پەیوەندیكانی زیاتر لەگەڵ كورد و شیعەدا پێشخست، لەسەر ئەو بنەمایەش كورد و شیعە هەندێك نزیكی یەكتر بوونەوە، تەوازنێك دروست بوو، بەڵام لەئەنجامدا بەدەركەوت كە ئەمە لەئێراقدا ئارامی و ئاسایش پێش ناخات، تەنانەت هەتا شیعە بەهێز بێت و ببێتە دەسەڵات، ئەو كارانەی كەئەمەریكا لەئێراق بەرێوەی بردووە ڤاڵا دەردەكەوێت سەر ناگرێت، ئەو كاتەش نەدەتوانێت لەئێران گۆڕانكاری

ئەنجامبدات و تەنانەت نەوتی ناوچەکەش دەکەوێتە خەتەرییەوە ودەکەوێتە ژێرکۆنترۆلی شیعەوە، ئەمەریکا ئەمەی بینی ، بۆ ئەوش لەهەڵبژاردنەکانی ئەم دواییەدا ئەمەریکا خواستی تەوازنێکی نوێ لەئێراقدا پێش بخات، کە کورد و سونی شیعەی میانرەو بخاتەدەورەوە و لەسەر ئەمانە کارەکانی بەردەوام بکات هەڵبەتە ئەمەش هەروا بەئاسانی پێش ناکەوێت، لەئێراقدا بۆخۆی شەڕ و ئاژاوە هەیە، ئەگەر تەوازنێکیش لەسەر بنەمای ئەم کێشانە پێش بکەوێت ئەوا کێشەکانی ئێراق قووڵتر بکاتەوە، تەنانەت زۆر کەم مابوو لەئەنجامی ئەو بۆشاییەوە لەئێراقدا هەیە شەڕی ناوخۆ رووبدات، وەزیری دەرەوە وبەرگری لەکاتەدا هاتن تاوەکو بتوانن تەوازن دروست بکەن، ئەگەر سەیر بکەین حکومەتیش وابە ئاسانی دروست نەبوو بەڵکو هەتا ئێستاش کێشە هەر بەردەوام دەکات.

**ئێوە لەو باوەڕەدان کە هاتنەکەیی رایس و رامسفێلد بۆ ئەوە بێت کە پێش لەم ئۆپەراسیۆنە بگرن و زیاتر رەوشەکە لەئێراقدا ئاڵۆزتر نەبێت؟**

هەڵبەتە هاتنەکەیان پەیوەندی بە ئەم رەوشەوە هەیە، چونکە لەلایەکەوە ئەو تەوازنەی کەلە ئێراق و ناوچەکە دەیانەوێت پێشی بخەن، زیاتر لەسەر سونییە، چونکە حەرەکەتی شیعە مەترسیەکە بۆ سەر ئەمەریکا و ئەم راستیەشی زۆر بە باشی بینی، ئەمەریکا دەیەوێت پێشی لێبگرێت، هەوڵدەدات حەرەکەتە سوونییەکان پێش بخات، بۆ نمونە لە سوریا لەگەڵ ئیخوان مسلمین کەوتنە نێو پەیوەندییەوە، لەگەڵ بەرێوەبەرایەتی میسردا کەوتنە دیالۆگەوە تاوەکو ئیخوانی میسر بەشداری هەڵبژاردن ببێت، لەسەر رەزامەندی ئەمەریکا حەماس کەتە هەڵبژاردنەوە، واتە ئەوە زۆر بەئاشکرایی دەبینرێت کە ئەمەریکا لەئێراق و ناوچەکە دەیەوێت تەوازنێکی نوێ پێشبخات، ئەمەریکا بەمشێوەیە دەیەوێت شیعە بێکاریگەربکات، تاوەکو مەترسی لەسەری دروست نەکات، هەروەها دەیانەوێت پێش لەو حەملەیەی تورکیاش بگرن کە دەیەوێت لەسەر ئێراق بەرێوەی ببات، تاوەکو ئێراق بەرەو ئارامی ببەن و بتوانن لەسەر ئێرانیش هەڵوەستە بکەن و بتوانن بەرنامەی خۆیان پێش بخەن.

بەشی دووەم

ئامادەکردنی/ئەکبەر جەهانگری ... ئارام بۆکانی

**وەکو دەزانرێت هەتا ئێستا شیعە لە ئێراقدا حاکمیەتیان زیاترە، هەروەها شیعەش زیاتر لە ژێر کۆنترۆلی ئێراندایە، ئایا ئێوەلەو باوەڕەدان کە شیعە لە داهاتوودا ئەو شەڕەی کە لەئێران بکرێت، دەربازی ئێراقی بکات و حکوومەت تەقلی ئۆپەراسیۆنێکی بەمشێوەیە ببێت؟**

هەڵبەتە سوریا و تورکیا و ئێرانیش پاراستنی خۆیان لە نائارامی ئێراقدا دەبینن، ئەگەر هەتا ئێستا لە ئێراقدا ئەوەندە نائارامی هەیە، لەوانەیە هەندێك زیاتریش ببێت، هەرچەندە ئەمە ئاشکراشە، چەندە توانیان لێرە نائارامی پێشبخەن، چەندە ئەمەریکایان ڤالادەرخست، ئەوا ئەو بەرنامەیەی کەئەمریکا لەدژی ئەوان بەرێوەی دەبات پاشدەکەوێت، بۆ ئەوان پاراستنی بنچینەیی راستیش ئەوەیە. واتە لەلایەنی سەربازیشەوە تۆ بخوازیت خۆت بپارێزیت، ئەوەیە کەشەڕ نەك لە ساحەی خۆتدا بەڵکوو لە دەرەوەی ساحەی خۆتدا قەبوولی بکەی، ئێستا ئەم دەوڵەتانە تاکتیکێکی بەو شێوەیە بەرێوە دەبەن. دیانەوێت بەم تاکتیکە ئەمەریکا ڤالا دەربخەن و سیاسەتی خۆیان بە ئەمەریکا بدەنە قەبوولکردن و بەو شێوەیەش ئەمریکا بکێشنە رێکەوتن و تەنازولەوە، ئامانجیان ئەوەیە، ئێران توانی بەم تاکتیکە هەندێك ئەنجام وەربگرێت، بۆ نمونە ئەمەریکا مەجبوور بوو بۆ چارەسەری کێشەی ئێراق, لە گەڵ ئێران داوای دانووستاندن بکات، هەڵبەتە ئەو دەوڵەتانە جەختی زیاتر بکەن و لەدەستیان بێت ئەمە زیاتر بەهێز دەکەن، هەتاوەکوو ئەنجام وەردەگرن، لە لایەکی دیکەوە ئێران، دەزانێت کەنفووسی شیعە لە ئێراقد بەهێزە، زۆرە، دەیەوێت لەئێراقدا دەسەڵات و سەنگی شیعە فراوان بکات، هەروەها لەنێو شیعەدا هەندێك باسك هەیە، بۆ نموونە، باسکی میانرەو، باسکێك لەگەڵ ئەمەریکادا حەرەکەت بکات هەیە، ئێران دەیەوێت ئەو باسکەی کە سەربەخۆیەتی بەهێزی بکات، تاوەکوو لە نێو حەرەکەتی شیعەدا دەسەڵاتیان پێش بخات، بۆ ئەوەی بتوانێت لە ئێراقدا خۆی بەهێز بکات، هەتا ئەگەر بتوانێت، لە کوەیت وعەرەبستانی سعودیەش، حەرەکەتی شیعە پێشبخات، هەموو نەوتی ناوچەکەش بکاتە ژێرکۆنترۆڵی خۆیەوە، ئێران پیلانێکی بەوشێوەیی هەیە.

**ئێوە تەخمین دەکەن کە ئێراق بەشداری پیلانی ئێران، توکیا و سوریا ببێت؟**

حکوومەتی ئێراق بەم رەوش و زروفەی ئێستای ناتوانێت بەشدار ببێت، چونکە حکومەتی ئێراق ئەمرۆ زیاتر پەیوەندی خۆی لەگەڵ ئەمەریکادا هەیە، بەزۆریش لەئێراقدا حاکمییەتی ئەمەریکا هەیە، واتە زوو بەزوو لەئێراقدا حکومەتێك دروست ببێت ناکەوێتە نێو ئەو پەیوەندیانەی کە لە دژی کوردن، چونکە لەباشووریش سەنگێکی کوردان هەیە، سەنگی کوردان نەك تەنها لە

باشووری کوردستان، بەڵکوو لە نێو ناوەندی ئێراقیش هەیە، ئەگەر ئەو حکوومەتەی ئێراق بەو شێوەیە لە گەڵ ئێران، سوریا تورکیا بکەوێتە نێو ئیتیفاقەوە، بەرلەهەرشتێك بۆ کوردی باشوور مەترسییەکی مەزنە، پێشبینی ناکەم کوردی باشوور ئەمە قەبووڵ بکەن و ڕێگەش بەمە نادەن، حکوومەتی مەرکەزیش ئێستا لەم ڕەوشەدا ناتوانێ بکەوێتە ئیتفاقێکی بەوشێوەیە، چونکە ئەمەریکا ڕێگە نادات، لەڕاستیدا ئەمەریکا دەیەوێوێت ئیتفاقێ بەو شێوەیە تێکبدات، واتە ئیتفاقی تورکیا، سوریا، ئێران خەراپ بکات، لەم بارەیەوە لەسەر تورکیاش هەڵوەسەی جددی دەکات، ئێستا ئەو حکوومەتەی ئێراق تێکەوێتە ئیتفاقێکی بەو شێوەیەوە مومکین نییە.

پێشتر تورکیا زیاتر سوودی لەهێزە کوردییەکان وەردەگرت، بەتایبەتی ( یەکێتی نیشمانی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان ) باشە لەمەو دوا هەڵوێستی ئەو پارتانە لەبەرامبەر ئۆپەراسیۆنەکان چی دەبێت؟

هەتا ئێستا ئەوەی ئێمە ئاگاداربین لەراگەیاندنەکانی خۆیاندا لەدژی ئەو ئۆپەراسیۆنانەن، بەتایبەتیش ئۆپەراسیۆنەکانی ئێران، تاوەکوو ئێران و تورکیا نەکەونە باشوورەوە، ئەمە هەڵوێسێکی باشە، داخوازی گەلیش ئەوەیە، ئێستا بەرژەوەندی و پارستنی باشووریش لەو خاڵەدا دەربازدەبێت، ئەگەر ئۆپەراسیۆنەکانی تورکیا و ئێرانیش لە باشوور بەردەوام بکەن، لە ئێمە زیاتر ئەوە زیان بە باشوور دەگەیەنێت، زیان بەگشتی ئێراق دەگەیەنێت، ئێراق بۆ خۆی کێشەی زۆرە ئەوانیش تێی کەون، کێشەکان زیاتر و قووڵتر دەبێت، شەڕی ناوخۆش گەورەتر دەبێت، ئەمە مەترسییەکی گەورە پێش دەخات. بۆ ئێراق و کوردان و بۆ هەموو ناوچەکەش پارتییەکانی باشووریش ئەمە قەبووڵ ناکەن، ئێراق و ئەمەریکاش ناتوانن ئەمە قەبووڵ بکەن، واتە نەبەرژەوەندی ئەمەریکا، نەهی ئێراق، نەهی کوردی باشوور لەمەدا نییە، پێویستە ئێمە هەمووومان ئێراق و باشووری کوردستان بپارێزین، لە هێرشەکانی ئێران و تورکیا، هەروەها ئەو ناڕەزاییەی کەلە ئێراقەوە دێت، ئەوە هەڵوێستێکی ڕاستە، ئێستا دەبینین ئێران و سوریا ئەوەندە تەهدید دەکەن، ئەم تهدیدە لەڕاستیدا بۆ سەر باشووری کوردستانە، نەك ئێمە، ئێمە پێشتریش لێرە بووین، ئەوان دەیانەوێت باشوور بخەنە نائارامییەوە، تاوەکو ئەو ستاتۆیەی گەلی باشووری کوردستان بەدەستی خستووە، لەبنەوە هەڵی گرن و نەیهێلن، لاوازی بکەن، یەکێك لە ئامانجەکانیان ئەوەیە، ئەمەش هەرکەسێك دەیزانێت، گەل و هێزە سیاسیەکانیش دەیزانن.

**لە نێوەندە گشتییەکانی باشووری کوردستاندا، دەڵێن ئەگەر (pkk) لەباشوور نەبێت ئەوا تورکیا و ئێران هێرش ناکەنە سەر باشوور؟**

لەوانەیە ئەمە پروپاگەندە بێت، بەڵام هەرکەسێکیش دەزانێت کە ( پ ك ك ) چەندە لە باشوور بووە، باشوور ئەوەندە قازانجی کردوە، ئەگەر ئێستا دەوڵەتی تورکیاش ئەوەندە تەهدید دەکات، ئەوە بۆ ( پ ك ك ) نییە، بەڵکوو ئەوە بۆ باشوورە، چونکە لە باشووردا ستاتۆیەك دروست بووە کە زۆر نزیکی دەوڵەتە، هەڵبەتە ئەمە لەسەر هەموو کوردان کاریگەری دەکات، لەسەر پارچەکانی دیکەش کاریگەری دەکات و لەلایەنی مەعنەوییەوە هێزدەداتە کوردان و هەردەچێت کاریگەری زیاتر دەبێت، ( پ ك ك ) هەر لەسەرەتاوە بۆ باشووری کوردستان قازانجی هەبووە، هیچ جارێك زەرەی نەبووە، هەبوونی ( پ ك ك ) دەستی دەسەڵاتی باشووری بەهێز کردووە، ئەمەش ئاشکرایە، هەتا ساڵانی 2004 تورکیا فەدەراسیۆنی باشووری قەبووڵ نەدەکرد، هەتا ئێمە لە یەکی حوزەیرانی 2004 دا بڕیاری پاراستنی ڕەوامان وەرگرت، دوای ئەوە تورکیا فەدەراسیۆنی باشووری قەبووڵ کرد، تورکیا ئەمە بۆخۆی بەئاشکرا دەڵێت، واتە هۆکاری قبوول کردنەکەی بۆ ئێمە دەگەڕێتەوە، ئەمەش ڕاستییەکە، لەبەر ئەوەشە ئەو پڕوپاگەندانە ڕاست نین.

**ساڵی پار لە چەند لێداوانێکدا باسی کۆنفەرانسێکی نەتەوەییتان کردبوو، بەرای ئێوە ئێستا کات و زەمەنی ئەوە هەیە؟ ئایا پارتەکانی باشوور لەم بارەیەوە هەڵوێستیان چییە؟**

ڕاستە ئێمە بانگەوازییەکی بەوشێوەیەمان کردبوو، ئێستاش لەسەر ئەو بڕیارەی خۆمانین، لە چوارەمین جڤاتی گشتی کۆنگرەی گەلیشدا ئەو بڕیارەمان دووبارە کردەوە، ئەوە پێویستییەکی کوردانە، ئێستا لەسەر بزووتنەوەی کوردی بەگشتی تەهدید هەیە، تاوەکوو دژی ئەو تەهدیدانە بوەستینەوە وگەلەکەمان و دەستکەوتکانی بپارێزین هەنگاوێکی بەوشێوەیە پێویستە، چونکە گەلی کورد هەنگاوی مێژووی ناوە، **ئەو هەنگاوانەش** پاراستنیان پێویستە، هیچ جارێك لە مێژووی کورداندا فرسەتێکی بەو شێوەیە دەستی کوردان نەکەوتوە، بۆ ئەوەی لەم فرسەتانە سوود وەربگرین، تاوەکوو ڕەوشی کوردان بۆ پێشەوە بچێت، چارەسەری باشتر ئەنجامبدرێ و لەپارچەکانی دیکە هەنگاوی باشتر بنرێت، پێویست بەستراتیژییەکی هاوبەش دەکات.

**دوای ڕاگەیاندنی ئەم بانگەوازییە، هەتا ئێستا هیچ هەنگاوێك نراوە، هیچ وەڵامێك هەیە؟**

ئێمە تائێستا هەندێك كارمان كردووە، لە لایەن پارتە بچووكەكانەوەو باش دەبینرێت، ئەوانش دەڵێن پارتە گەورەكان زیاتریش مەبەستیان ( ynk- kdp)یە، ئەگەر هەنگاو بنێن، ئێمە ئامادەین، هەنگاوێكی پێویستە بۆ كوردان، پێویستە كۆنفرانسێكی نەتەوەیی و دیموكراتی دروست ببێت، لەم قۆناخەشدا زۆر زەرورییە، بەڵام ئەگەر پارتی سەرەكی بەشدار نەبێت ئەوا زۆر كاریگەری نابێت، ئەگەر بەشدار بن ئەوا كارگەیگەری بەهێزی دەبێت، لەسەر هەموو پارتەكان ، لەسەر گەل. هەروەها داخوازی گەلی كوردیش پێكدێت، گەلیش دەڵێت؛ كێشەی بنەڕەتی ئێمە ئەوەیە، ئەمەش راستە، بە گوێرەی ئێمەش راستە، ئەگەر ئەو پارتیانە هەنگاو نەنێن، ئەوا كۆنفرانسێكی نەتەویی و دیموكراتی بەو شێوەیەش دروست ببێت، ئەوا ئەنجامەكەشی لاواز دەبێت.

**گەلێك جار لەراگەیاندنەكانی پارتییەكانی باشووردا باس لە پاراستنی دەسكەوتەكانی باشوور دەكەن و دەڵێن بۆ ئەوەی ئەم دەسكەوتانە بپارێزین پێویستە تێكەڵاوی لەگەڵ پارچەكانی دیكە دروست نەكەین ئێوە لەم بارەیەوە چی دەڵێن؟ ئایا نزكایەتییەكی بەو شێوەیە كاریگەری لەسەر كۆنفەرانسی نەتەوەیی چییە؟**

ئەوە نزكایەتییەكی هەڵەیەو كارگەرییەكی خەراپ دەكات، ئەو زروفەی كەئێستا پارتەكانی باشوور تێیدایە وەكو زروفی پێش روخانی سەددام نییە، بەرلەرووخانی سەددام زروفی باشووریش تەنگ بوو، پێویستە حەسابی دەوروبەریان بكردایا، چونكە دەوروبەریان گیرابوو، بەڵام دوای روخانی سەددام مەرج و زروفەكان گۆراون، ئەو گەمارۆیە شكا، ئێستا لە ئێراقدا گرانییەكی كوردان هەیە، بەفەرمی دەناسرێن، ستاتۆیەك هەیە، ئیتر ئێران، سوریا و توركیا ناتوانن تەنگاوی بكەن، یان رێگەكانی لەسەر ببڕن، چونكە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەكانیان بەهێز بووە، لەگەڵ ئەمەریكا و ئینگلتەرادا پەیوەندیان باشە، تەجریدیان لەسەر نییە، زوو بە زوویش نابێت، بەوشێوەش پێویستی بەسوریا و توركیا و ئێران نییە، ئەگەر ئێستا بڵێین دراوسێمان هەیەو پێویستە حیسابیان بۆ بكەین و بڵێن لەبەر خاتری دراوسێكانمان باشوور نەخەینە مەترسییەوە و پەیوەندی لەگەڵ پارچەكانیدیك پێش نەخەین، ئەمە راست نییە، ئەمە بەرلە رووخانی سەددام راست بوو، بەڵام دوای روخانی سەددام، باشوور فەدراسیۆن و فەرمییەتی قازانج كرد، واتە باشوور پێویستە بۆ بەشەكانی دیكە ئەرك و قەرزەكانی بداتەوە، چونكە باشوور بۆ پارچەكانی دیكە هەم ئەركی خۆی هەیە، هەمیش قەرزدارە، پێویستە ئەمانە پێكبێنێت.

**بەڕای ئێوە ئەم نزیك بوونەوەیە زیان یان قازانجی بۆ باشوور هەیە، هەروەها چۆن دەوڵەتانی دەوروبەر دیانەوێت شەڕەكەیان بخەنە ئێراق، كوردی باشووریش هاوكاری پارچەكانی دیكە بكات، ئایا ئەمە نابێتە هۆی كەمكردنەوەی دەسەڵاتی وڵاتە سەردەستەكانی كوردستان و نابێتە هاوكارییەك بۆ باشوور؟**

ئەمە راستە، سیاسەتی ئێستاش ئەوەی دەوێت، ئەگەر تۆ بتەوێ باشوور بپارێزیت، ئەمەش چۆن دەبێت؟ ئەگەر تۆ لەگەڵ بەشەكانی دیكە، پەیوەندی خۆت بەهێز كرد، پشتیوانی چارەسەری پارچەكانی دیكەت كرد، دەتوانی باشوور بپارێزی، ئەگەر پشتیوانی نەدرێتە پارچەكانی دیكە ئەو كات باشوور دەكەوێتە زۆری و زەحمەتییەوە، چۆن ئەو دەوڵەتانە بۆ ئەوەی تەنگاوی دروست بكەن شەڕ دەخەنە نێو ئێراقەوە، تۆش بتەوێ زەختی ئەوانە نەهێڵی، پێویستە لەنێو ئەواندا خەبات پێش بخەی، هەتا مەجبووری تۆ دەبێت و قەبووڵت دەكات، ئەگەر وانەبێت تۆ قەبووڵ ناكات و زەختی زیاتریش دەكات، ئەمە لەپراتیكیشدا دیارە، بۆ نمونە ئەگەر لەباكوور و شەڕ نەبایا، ئایا توركیا بەو شێوەیە پەیوەندی خۆی لەگەڵ باشووردا پێش دەخست یان نا؟ ئەگەر ئێستا توركیا پەیوەندی خۆی لەگەڵ باشووردا پێش خستووە، ئەوا بەخەباتی (pkk) بووە، ئەمەش دەزانرێت، ئەگەر(pkk)ش نەبوایا ئەمە هەرگیز نەدەبوو، بۆ ئەمەش، پێویستە باشوور لەبەشەكانی دیكە بۆ چارەسەری كاربكات، بۆ ئەوە بوو منیش گووتم هەم ئەرك هەم قەرزیان لەسەرە ، چونكە لێرەدا گەلێك هەیە، پارچە پارچە بووە، هەرپارچەیەك لەژێر زوڵمی دەوڵەتێكدایە، ئەركی نەتەوایەتی چی لێمان دەوێت؟ لەبەشەكانی دیكە پێشخستنی بزوتنەوەی كوردی دەخوازێت، بۆ چارەسەری كار دەخوازێت، جگە لەوەش پارچەكانی دیكە بۆ باشوور گەلێك كارییان كردووە، لەنێو رەفی پێشمەرگەدا جێگەیان گرتووە و شەڕیان كردووە، بەهەموو شێوەیەك هاوكاریان كردووە، واتە باشوور لەو لایەنەشەوە ناتوانێت ئەمە پشت گوێ بخات.

**بەم دواییانە لە باشووردا حكوومەتی یەكگرتووی كوردی راگەیەنرا، واتە یەكگرتنەوەی هەردوو ئیدارەی باشوور، لەم بارەیەوە چوارەمین جڤاتی گشتی كۆنگرەی گەل رایان چۆن بوو، هەروەها سەبارەت بەحكوومەتی كوردستان رایەكان چۆنە؟ لەمەو دوا چۆن دەبێت؟**

یەكێتی باشوور بۆ ئێمە گرنگە ئەوە داخوازی هەركەسێكە، پێویستە ئەو داخوازییە لە زووەوە پێكبهاتا، كاتێك بوونە دووبەش زیایانی بە باشوور بە بزووتنەوەی كورد بەگشتی گەیاند، ئەو هەنگاوەی ئێستا هەنگاوێكی باشە، پێویستی بە بەهێز كردنی زیاتر

هەیە، هەروەها پێویستە هەم خۆیان لەو پارچە بوونەی باشوور دوور بخەنەوە هەمیش خۆیان لەو پارچە بوونەی کە لەگەڵ پارچەکانی دیکە هەیانە کۆتایی پێبهێنن، چەندە یەکێتی خۆیان پێش بخەن ئەوا ئەوەندە یەکێتی کوردان بەهێز دەبێت و دەسکەوتەکانی کوردیش بەهێز دەکات، ڕەوشی پێشوویان هەڵە بوو لەگەڵ ئەوەشدا زیانی هەبوو، ئێستاش لە نێوان پارچەی باشوور و پارچەکانی دیکەدا دوودڵی هەیە، ئەمەش هەرکەسێك دەخاتە گوومانەوە، پێویستە کار بۆ ئەوە بکەن کە ئەو دوو دڵیەش نەمێنێت، تەنها یەکێتی پەرلەمان و حکوومەتیش بەش ناکات ئەوە یەکێتییەکە لە ژوورەوە دروست بووە، پێویستە ئەو یەکێتییە لەژێریشدا پێش بکەوێت، ئەو یەکێتیەی کە لەژوورەوە دروست بووە، ئەگەر دەربازی ژێر نەبێت ئەوا ئەنجامێکی زۆر نادات، لەگەڵ ئەمەشدا دیموکراسی کردنی سیاسەت و کۆمەڵگا و دەسەڵاتیش پێویستە هەنگاوی بۆ بنێن، کێشەیەکی دیکەی باشوور لێرەدایە، مەسەلەی بەدیموکراتی کردنی دەسەلات، کۆمەڵگا، سیاسەت ئەوە کێشەیەکی بنچینەییە، ئەگەر لەم لایەنەشەوە هەنگاو نەنرێت ئەوا هەردەچێت کێشەکان قوڵتر دەبن، چارەسەر نەکردنی ئەو کێشانە لەوانەیە زیانیشیان زۆر بێت، پێویستە هەموو پارتەکانی باشوور کاربکەن ، پێشتریش باسمان کرد کێشەی فەرمییەت لە باشووردا چارەسەر بوووە، دوای چارەسەر کردنی ئەم کێشانە ئەو کێشەی بنچینەیی کە دروست ببێت، بەهێز کردنی دیموکراتییە لەسیاسەت و دەسەڵات و کۆمەڵگادا، لەم لایەنەوە چەندە خۆت بەهێز بکەی دەبیتە هێز و ئەو کات دەتوانی باشوور بپارێزی و قەرزەکانی پارچەکانی دیکە بدەیتەوە، ئەگەر وانەبێت ئەوا هەر دەچێت هیوای گەل کەم بێتەوە و باوەری بەدەسەڵات دەشکێت.